# بۆ پێکەنین

12

**با ئەمجارەش لە گەل چەند نوکتەیەکی تری مەلا ناودارەکە بەرینە سەر و بە چەند نوکتەیەک دڵی خۆمان شاد بکەین و بە بزەی سەرلێوان کوڕی یاران و هەڤال و دۆستان پڕ لە سەفاتر بکەین و کەمێ بە خەندە زاخاوی مێشک بدەینەوە.**

## چاویلکەی مەلا

**شەوێکیان مەلا زۆر بە هەراسانیەوە لە خەو ڕاپەڕی و بانگی مەلا ژنی کردو گوتی:ئافرەت زوویە برۆ چاویلکەکەم بۆ بینە،مەلا ژنیش کە زۆر بە نا ئارامیەوە لە خەو ڕاپەڕیبوو لە جێگەی خۆی هەستاو گوتی:عەینەگت بۆ چیە مەلا ؟**

**مەلاش لە وەرامی ژنەکەی دا گوتی: کاتێ کە من نوستبووم،سەفەرم بۆ شارێکی دوور دوور کرد،هەندێ شوێن لەو شارەدا تاریک بوو،نەمتوانی کە ئەو شوێنانە بەبێ عەینەگ ببینم،لەبەر هەندێ کە دەمەوێ عەینەگم لە چاوان بکەم و بتوانم باشتر شوێنە گرنگەکانی ئەو شارە ببینم.**

*

## خورما خواردنی مەلا

**مەلا چووە بازار و هەندێ خورمای کڕی،ئیتر بە دنکەوە خەریکی خواردنی خورما بوو، ژنەکەی مەلاش کە مەلای بەو شێوەیە دیت گوتی:مەلا ئەوە بۆ خورما بە دنکەوە دەخۆی؟**

**مەلاش لە وەلام دا گوتی:مەگەر دوکانداری سەری کۆلان خورمای بەبێ دنک بە من فرۆشتووە ؟تا من ئەم خورمایە بەبێ دەنک بخۆم ؟**

*

# زەڕینی کەری مەلا

مەلا هەندێ پیازی لە کەرەکەی بار کردبوو و لە کوچەو کۆلانی شار بۆ فرۆشتنی دەسوڕایەوە،هەر چەند جار دەیەویست کە بانگ بکاتن بۆ ئاگادار کردنی خەلک و بێن ئەوپیازە باش و هەرزانەی لێ بکڕن،هەرکە مەلا بانگی دەکرد کەرەکەشی یەک بە خۆی دەزەری و نەی دەهێشت کە مەلا بەتەواوی بانگی وەرنە پیازان بکات و دەنگی مەلای دەبڕی، مەلا هەرچەند دەیەویست کە بانگی خەلک بکات بەلام بە زەڕە زەڕی کەرەکەی ڕوو بەڕوو دەبۆوە، مەلا لەڕەفتاری کەرەکەی زۆر زۆر تۆڕە بوو بوو،بۆیە بە کەرەکەی گوت:وەرە بزانم تۆ پیاز دەفرۆشی یامن ؟

*

# مەلاو کچەکەی

مەلا گۆزەیەکی دایە دەست کچەکەی و شەقە زللەیەکی توندیشی پیا کێشاو گوتی:ئێستا بڕۆ سەر کانی و ئەم گۆزەیە پڕ لە ئاو بکەو بیهێنەوە و گۆزەکە نەشکێنی،مەلا ژنیش کاتێ کە مەلای بەم شێوەیە دیت و کچەکەشی ئەسرین لە چاوانی دهاتە خوارەوە زۆر بە توڕەییەوە لە مەلای پرسی و گوتی:بۆچی ئەو شەقە زللەیەت لەو کچە دا ؟

مەلاش بە مەلاژنی گوت ئاخر تۆ ئەقلت کەمەو هیچ نازانی، من ئەم زللەیەم بۆیە لەو کچە داوە تاکو وریا بێت گۆزەکە نەشکێنێ،خۆ ئەگەر گۆزەکەی بە زەوی داداو شکاندی ئەوساکە لێدانی سودی چیە ؟

*